# ڕێباز حەملان لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق پەیامێکی بڵاوکردەوە



ڕێباز حەملان لە پەیامێکدا ڕایگەیاند، دوای دەستبەکاربوونی وەك بریکاری وەزیری دارایی لەسەر ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم، دیدارو کۆبوونەوەی لەگەڵ بەشێکی زۆر لە بەرپرسانی بەغدا کردووە، "ڕاستییەکانم باس کرد کە حکومەتی هەرێم پابەند بووە بەو داواکاریانەی لێی کراوە و هەمووی جێبەجێ کردووە، بەڵام وەزیری دارایی نیگەران بووە و بەیاننامەی لەسەر دەرکردووە"، دەشڵێت، "لە ئەنجومەنی وەزیران لەبەردەم هەموو ئامادەبووان کە 24 بەڕێوەبەری گشتی ئامادەبوون دەمەقاڵێی و گرژیی دروستبوو، بەهۆی سەرسەختانە مرافەعەم لەسەر مافەکانی هەرێمی کوردستان کرد".

ڕێباز حەملان ئەمڕۆ دوشەممە لە پەیامێکدا لەبارەی دەستلەکارکێشانەوەی لە پۆستی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، ڕایگەیاند، "لە ژیانی سیاسی خۆمدا بۆ جاری دووەم لەسەر مافی میللەتەکەم بڕیاری چارەنوسسازم داوە، لە بەغدا کەرامەت و مەبدەئی کوردایەتی و کوردستانی بوونم خستە پێش بەرژەوەندی شەخسی خۆم، بەکردەیی نوێنەرایەتی کورد و هەرێمم کرد، بۆ باوەڕێکی کوردانە". ئاماژەی بەوەشکردووە، "بەتایبەت کە متمانەی مەسعود بارزانی وەردەگریت دەبێت وەک هێڵێ بەرامبەر نەیاران بوەستیت، لەبەردەم دەستکەوتی ماددی و بەرژەوەندی تایبەت نابێت چۆک دابدەیت، لە ساڵی 2017

